

# بۆ زۆرینە – نەوەکو کەمینە!

Kurdisk

هەمووان دەبێت مافی یەکسانیان هەبێت تاوەکو دەرفەتی سەرکەوتن و یارمەتیان پێبدرێت کاتێک کە پێویستمانە. ئەمە بەو شێوازە نییە کە ئەمرۆ دەگوزەرێت. زۆرێک لە شتە باشەکان بۆ ئەو کەسانە دەچێت کە زۆربەی شتەکانیان هەیە. پێویستمان بە ژینگە و کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانە و کراوەیە لە سەر ئاستی ناوخۆ و نیشتیمانی و جیهانیدا. دەمانەوێت پارێزگاری لە باشترین شتەکانی کۆمەڵگەی نەرویجی بکەین – وەک جیاوازی، کەمکردنەوەی بێکاری و کۆمەڵگەیەکی بەهێز. دەبێت جیاکاری کەمبکەینەوە، خۆشگوزەرانی پێشبخەین و چارەسەری هەژاری بکەین.

قەیرانی کەشوهەوا و وێرانکردنی سروشت هەڕەشە لە تەواوی داهاتوومان دەکات، چونکە قازانجی ماوەکورت دەخەینە پێش ژینگەوە. وەڵامی ئەو قەیرانانەی کە ڕووبەڕوویان دەبینەوە ئێستا دەبێت گشتگیر بن و پلانی دادگەرانە بۆ کەشوهەوا و پیشەسازی دابنێین. پلانەکە ئەوەیە کەوا وەبەرهێنانێکی بێشومار، ئەرکێک بۆ پیشەسازی دابین دەکات لە ساڵانی داهاتوو. نەرویج دەگۆڕین تاوەکو ببێت بە وڵاتێکی پێشەنگ کە بتوانێ جیهان بە ئاراستەی ژینگە دۆستی و کەشوهەوای گونجاودا ڕابکێشێت.

ئێستا کاتی سیاسەتێکی تەواوی ئابوری نوێیە. لێرەدا دەتوانرێت قەیرانی ژینگە چارەسەر بکرێت و لەهەمان کاتدا نادادی کەمبکرێتەوە و کێشەی بێکاری چارەسەر بکرێت. پلانی SV بۆ گۆڕانێکی دادپەروەرانەی سەوز بوون برتییە لە هیوا و گۆڕانکاری. جیاکاری کەمدەکەینەوە و پیشەسازی دادەمەزرێنین و سود و بەربەستەکان هاوبەش دەکەین. دواتر دەبێت سیاسەتی سەخت و ناکۆمەڵایەتی و قورس وەلاوە بنێین کەوا حکومەت جێبەجێیدەکات. وڵاتەکە سەوز دەکەین بۆ زۆرینە – نەوەکو خۆڵەمێشی و بۆ کەمینەش.

**Sosialistisk Venstreparti**
Hagegata 22, 0653 Oslo
21 93 33 00
post@sv.no
sv.no